# چاککردنی کومەلگای کوردستان

دەستوور یان مافی چارەی خونوسین
چەند مەسەلەیەکی گشتی

ئاسۆ حامدی

ئەوەی نەتوانی رابردووی خوی بداتە بەر سەنگی مەحەك و رەخنە ناتوانی لەهەنگاوەکانی ئیستای بگات و ستراتیژ بو نەوەکانی دیاری بکات

- کوردستان وولاتیکی داگیرکراوە بە هەموو مانایەکی داگیرکردن ( کوردستانی بەشی دابەشکراو بەسەر وولاتی عیراق ئازادە بەلام وابەستە بە چەند هوکاری سەرکردایەتی سیاسی کورد هانا بودەستووری عیراقی نوێ دەبەن دەیانەوی ئەم ئازادیە لەباری واقعی ژیردەستەی کەن، یان بو ئایندەیەکی دوورو نادیاری ببەن)...

- تا ئیستا یان لە ئایندەدا گەلی کورد بوی روشەننیە کامە سیستەمی دەولەت بەریوە دەبا بو دەولەتەکەی ئایا سیستەمی کوماری یان شانشاهیە..نەوەکانی مەلیکی کوردستان دینەوە (مەلیک مەحمود) یان مەلیکی نوی دادەنی یان دەولەتی سکولار و کوماری مودیلی فەرەنساوی دادەمەزرینی...هتد.هتد..گەلی کوردستان دەبی ئەم بریارە بدا..دونیای نوی خوازیاری دەولەتی سکولارو مودیرنە...

- دامەزراندنی دەولەت لە کوردستان تەنها تەمی سەرچاوی کارمەندان لە خەباتی چینایەتی لەم ناوچەیە نارەوینیتەوە بەلکوکوتای بەشەری نەتەوەی دەهینی لە ناوچەکدا، ئەمەش دەسکەوتیکی گەورەیە....نەوەکان بیر لە داهینان و ژیانی شارستانی و ئارام و سەرفراز و ئازاد دەکەنەوە....

- تا ئیستاش دیاردەی سەرف کردنی مولکی دەولەت بە ناوی رابەرانی سیاسی بلاودەکریتەوە..کە لە دونیای ئەمرو مانایەکی نیە..مانگانەی ئەم بەریزانە دەبی وەکو هەر کارمەندی تر لە قەراردادی کاردا دەبی دیاری بکریت...داهاتی نەتەوەیی مولکی هیچ کەسی نیە، تەنها هی گەلی کوردستانە. لە وولاتە ئەوروپاییەکان کاسانی توپ مووچە هەن بەلام ئەمانە لە قەراری کاردا یەکلاکراوەتەوە..خو رابەرانی سیاسی کورد نە قەراردادی کار و نە مووچەیان هەیە ..ئەی پارمەتیەکان لە کوێ دێ!
- تا ئیستا سوپای نەتەوەی نیە بۆ پاراستنی ئەمنی نەتەوەیی لە کوردستان.
- تا ئیستا کۆمەلگا لە ئابووری وابەستە دایە، کۆمەلگا بەرهەمهین نیە ..داهاتی نەتەوەیی،..داهاتی فەردی مرۆڤەکان لە ئاستی نزم دایە..
- بنەماکۆمەلایەتیەکان..هەروا لە دواوەن بە بەراورد بە کۆمەلگای شارستانی ..
- سیستەمی بەرێوەبردن لە کۆمەلگا لە ئاستی رابردوو دایە..فەسادی ئیداری..بیروکراتیزم لەو پەری دایە...

لیرەدا کومەلیک مەسائیلی گشتی باس دەکەین کە خوینەران خویان دەتوانن لەگەلی زیاتر بیربکەنەوە و کوی بکەنەوە یان بە جوری تر لیکی بدەنەوە، کە زیاتر تایبەنە بە کوردستانی عیراق .ئەم نوسینە بە شیکە لە زنجیرەی چاککردنی کومەلگای کوردستان..

بنەمای ئابووری کوردستان لە رابردوو کال و بی رەنگ بووە، ئالوگوری سادە تا نیوەی سەدەی رابردوو لە کوردستان باو بوو( لە جیاتی پارەو زیر کالایەک پیوەر بوو بو هەموو کالاکان )، ،فەرهەنگ و باری کومەلایەتی دواکەوتوو ( چەند ژنە و ژن بە ژنی یەک لە نەریتە کومەلایەتیەکان بوو ) نەخویندەواری بالی رەشی بو ماوەیەکی زۆر بەسەر داپۆشیبوو..بیری نەتەوەیی لە رۆژگاریّ لە کوردستان گەشەی کرد کە سەردەمی لە دونیا بەسەر دەچوو....هتد
مەسەلەی کورد لە رۆژهەلاتی ناوەندا تا ئیستا نە بۆتە مەسەلەیەکی نیونەتەوەی وەکو واقعیاتیک کە لە رووی خودی خۆیدایە.فاکتەرە دەرەکیەکان و ناوەکیەکان کە دوای زیاتر باسیان دەکەین زیاتر رێگەی لەبەردەم بوونی بە مەسەلەیەکی نیونەتەوەیی گرتووە..
کوردستان وولاتیکی بە پیتە و کەرەسەی خاوەکانی ئەوەندە زۆرن داگیرکەران هەرگیز دەستیان لیّ بەرنابیت، مەوقعیەتی جوگرافیای کوردستان لە گشت دەورانەکانی مێژوودا ستراتیژیەکی بیّ وێنەی دروست کردووە لە نێوان زل هیزە ئەقلیمیەکاندا ( تورک، فارس، عەرەب)..زۆر گەلان هەبوون بەرگەی ئەم کێشانەیان نەگرت و لە بەین چوون، سروشتی ئەم وولاتە هۆکاریکی گرنگ بوون لە دالدەی ئەم گەلە چەوساوەیە بە درێژای میژوودا.بەرەنگاری و بەرگری لە خۆکردن بەناچاری بۆتە سیفەتی هەمیشەی کۆمەلایەتی مرۆڤی ناوچەکانی کوردستان..
لە هەمان کاتدا پارسەنگی هیز بووە بۆ سەنگ و سووکی هێزەکان لە ناوچەکدا، زۆر جار بە هۆشیاری و بە بیّ هۆشیاری تەوازنی هێزی داگیرکەرانی گۆریووە بەلام هەر داگیرکەریکی بە ئەوی تر گۆریوەتەوە..(کورد دەلیّ سەگ بە تولەیە).سروشتی مرۆڤی ناوچەی کوردستان بە پێچەوانەی هەموو ڕۆژهەلاتناسەکانی سەردەمی کۆلۆنیالیستی کە بە شەرکەر و چیایی لە قەلەمی دەدەن، مرۆڤی ئاسایی و لە خۆبردوو و حەز بە ئاشتی و پێکەوەژیانی ئارام دەکەن وەکو هەر مرۆڤێکی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەند یان هەر نەتەوەیەکی تر لە ناوچەکەدا، تیکەلاویەکی بیّ وینەی لەگەل گەلانی رۆژهەلاتی ناوەندا هەیە و دەیان سەرکردەی بۆ ئاین و مەزهەبە جیاجیاکان بەرهەمهیناوە. ئەگەرچی مرۆڤەکانی گەلانی رۆژهەلاتی ناوەند هەموویان لە یەک دەچن، سەرفی نەزەر لە رەگەزیان یان بیروباوەریان..چونکە هەموویان کاریگەریان لە سەر یەک هەیە بە حوکمی پەیوەندیە ئابووریەکان، کۆمەلایەتیەکان، ئاینیەکان، فەرهەنگیەکان، کەلتووریەکان...هتد.هتد..ناکریّ کورد و ئەرمەنیّ حەزیان لە شەرو تورکیّ یان فارس و عەرەبیّ حەزیان لە ئاشتی بیّ..سیاسەتی کۆلۆنیالیستی دوای رووخانی دەولەتی عوسمانی بۆ رشتنی ژەهری دووبەرەکی لە نێوان گەلانی ناوچەکە میدیا بەریزەکانیان بۆ خستۆتە کار..ئێستاش رۆژنامەنووسیکی بی بی سی یان سی ئن ئن بچیێتە کوردستان لە جیاتی هەموو ناوەندە رۆشەنبیریەکان لە راپۆرتەکەی نیشان بدا ئەوا وینەی کەریّ دەگریّ کە ئاوی پێدەهینن تەنانەت ئامادەنیە لە هوتیلە پێنج ئەستیرەکەی دەخەویّ کە ئەوەندە رێزی لێگیراوە کە یەک ووشەش چیە بنوسیّ..لەگەل ئەوەش ئەگەر جاری دەیەمیش بچیتەوە ئەوا هەر هەمان رێزی لیدەگیریّ ئەمەش لە ساویلکەیی نیە.گەر بچێتە ئیران و تورکیاش هەروادەکا..داگیرکەرانی کوردستان هەردەم هاوتەبان لە دژی سەربەخۆیی میللەتی کورد.میژووی هاوچەرخ ئەمە بەزەقی نیشان دەدات..کورد ئەوەندە لە نێوخۆی یەکگرتوونینە ئەوەندەی داگیرکەرانی یەکگرتوون.. چەپ و راست لە میللەتانی بالا دەست بەرامبەر بە مەسەلەی کورد یەک نەزەریان هەیە.( جگە لە

هیندی پارتی کۆمونیستی بچوک نەبێ لە ئیران و تورکیا ) رابەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی گرفتیان زۆر زۆرە نەک هەر لەباری تیوری سیاسی یان فەرهەنگی بەلکو لەباری واقعیاتی مەوجودی جوگرافیای، ئیمکاناتی ئابووری ، هونەری سەربازی و ئیمکاناتی تەکنیکی.رابەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی خۆیان زۆرجار ریگربوونە لەبەردەم ئازادی کوردستان، بەقەدەر ئەم گەلە قوربانی داوەو راپەریوە دژی داگیرکەران رابەرانیان تووشی هەلەی سیاسی واگەورەبوون کە خۆیان تەنانەت یەک ووشەش لە بارەی نالێن،رابەرانی بزوتنەوەی گەلی کورد لە دەورانەکانی میژوودا و تا ئێستاش بە گشتی لە ئاستی هۆشیاری خەلکی کوردستانن بە گشتی بەلام بە تایبەت لە ئاستی داواکاریەکانی جەماوەری ئازادیخوازی گەلی کوردستان نین.ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ سروشتی رابەرایەتی بزوتنەوەی کورد. راستە مەسەلەی کورد قوربانی کێشە نێونەتوەییی یەکانە و رابەران گرفتی زۆریان هەبووە و هەیە، هەردەم لە ژیر هەرەشەو گورەشەی ئاگروخوێنی داگیرکەرانن. بەلام سەرکردایەتی حەکیم و دلسۆز بە ئامانجەکانی گەل دەتوانێ زۆر راستگۆیانە ئەمانە بەیان بکات..هیچ رابەرێکی گەلی کورد لەگەل میللەت نەدواوەو راستگۆیانە لەگەل شکست و سەرکە وتنەکان رووبەرووی میللەت نەبۆتەوە..بەلکو هەردەم هەولییان داوە پاکانە و پاساو بۆ هەلوێستەکانی لە نیو لایەنگرانی بهینیتەوەو گەلی کورد یان بەشیکی باوەریان هیناوەو بەشیکی نا مەسەلەکان بۆتە رابردوو، لەگەل ئەوەش تا ئیستا هەلسەنگاندنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان بە شیوەیەکی زانستی و بێ تەرەف لە بیروبۆچوونی دژایەتی یان لایەنگیری نەکراوە..دەولەتانی ئەقلیمی لە دەورانی جیاجیادا توانیویانە یاری بە چارەنووسی گەلی کوردستان بکەن.لە هەمان کاتدا هەردەم رووبەرووی ئیعترازی جەماوەری و چەکداری بوونەتەوە، گەلی کوردستان دەستە وەستان نەبووە لە هەلمەتی جۆربەجۆری بۆ سەر داگیرکەران، خەلکی کریکارو زەحمەتکێشی ئەم ناوچەیە لەم دواییانەدا نموونەی قارەمانی و فیداکاری بوون و دەبن.رابەرانش هەردەم بە خۆشی یان بە ناچاری بزوتنەوەکەیان بۆ ناو بازنەی بەتاڵی.. شەڕ..مفاوەزات..شەڕ بردووە....

پێشەکی کورت

میژووی دروست بوونی بیری ناسیونالیسی لە کوردستان دوای سەرهەلدانی بیری ناسیونالیستی لە ناوچەکە بە کرچ و کالی گەشەی کرد..دەتوانین بلێین بە شیوەیەکی دروست دوای پارتە سیاسیە ناسیونالیستەکان و تێکەلبوونی کۆمەلە ئەفسەرە کوردەکان لەگەل هەلچوونەکانی بارزانیەکان لە دژی حکومەتی مەرکەزیدا لە عیراق سەرەتای چەکەرەکردنی هیزی بیری ناسیونالیستی بوو لە کوردستان،

بیری ناسیونالیستی و سەرکردایەتیەکەی بە بەراوردکردن بە دوژمنانی میللەتی کورد لە ناوچەکەدا کرچ و کال بەریوە بوو..دەوران و کاتەکانی بی بەرنامەو نارێک بوون.. ئەو کاتەی دەورانی رزگاری نیشتیمانی لە تەواوی دونیا لە بەرزترین لوتکەدابوو رابەرانی گەلی کورد بە مەزهەب و ئاینی پیرۆز خەریک بوون نە بیریان بۆ ئالا و نە بۆ سرودی نیشتمانی دەچوو..

لە باری ئابووری کوردستان هیچ سەرچاوەیەکی ئابووری بە هێزی نەبوو، جگە لە کشتوکال و مەڕ داری لە سەرەتا دا شتیکی تر نەبوون دوای داگیرکردنی عیراق لەلایەن ئینگلیزەو کۆتای دەسەلاتی دەولەتی عوسمانی هەندی کارگەی بچوکی سابوون و دەباغی پێستەو پیشەی دەستی لە شارەکان دروست بوون لەگەل کەرتە حکومیەکان کە لە دوایین مەنزلیدا چەندین کارگەی نەوت و

رستن و چنین بوون، دەولەتی عیراق ئەوەندە گرنگی بە کوردستان نەدەدا تا بنەمای ئابووری بە هێز بیت، زیاتر بۆ سەرکوتی گەلی کوردی بە کار دەهینا..لە هەموو ولاتیکی داگیرکراو دا داگیرکەران یەکەم هەنگاو بنەمای ئابووری وولات داغان دەکەن.بنەمای ئابووری وولاتی کوردستان هەر لەخۆییدا ئەوەندە بەهیز نەبوو لە ئەنجامی تالان و برۆی گەلانی بالا دەستی ناوچەکەدا.

نەخویندەواری و لە بەرزترین پلەیدا لەلای مالاکانی کویرە گوندەکان بوو، پلەی علم و مەعرفەت لە 12 علمەکەی مەلادا چر دەبووەوە درەشاوەترین بەرەنجامی ئەم مەعرفە خوداییە ئێستا لە تەواوی دونیادا رەنگی داوەتەوە..

هەموو بنەما کۆمەلایەتیەکان بە بەراوردکردن بە وولاتانی داگیرکەر کوردستان لە دواکەوتووی دا دینالاند.....

بەکورتی هەر لە ژێرخان تا سەرخانی کۆمەلگا،هەر لە دروستبوونی چینی بۆرژوا و کریکار تا دەگاتە ریکخراو و ئەحزابەکانیان و بزووتنەوەکانیان کۆمەلگای کوردستان هەر لە دوای داگیرکەرانی دابووە،چینی کریکار نەیتوانیووە رۆلّی مێژووی خۆی ببینێ، هەر لە ئاستی رەوتی رووداوەکان نەبووە، چینێ کە میژووی دروست بوونی خۆی و رابەرەکەی لە ژێر نیری داگیر کەراندا لە کۆمەلگایەکی ناجێگیردا بووبێ هەرگیز ناتوانێ،خۆ بنەمای ئابووری وولات خۆشی لە سەرەتای کێشمەکێشە چینایەتیەکان دابوون و دایە..رۆشەنبیری گەلانی زال بگرە تا ئێستاش مەلبەندی رۆشەنبیری گەلی کوردستانن.جگە لە هێندی نوسەری سۆسیالیست نەبێ لە نێو گەلانی بالا دەست هیچ کامیان دوور لە بیری ناسیونالیستی رووی لە خەلکی کوردستان نەکردووە.داگیرکەرانی کوردستان هەر بەمە نەوەستاون بەلکوو لە هەموو ئالوگۆریکی سیاسی لە ناوچەکدا هەردەم بە بەلێن و وەعدەی درۆ رابەرانی میللەتی کوردیان چەواشە کردووە..چەواشەیی رابەرانی میللەتی کورد هەردەم بە ئاسانی بۆیان چۆتە سەر..بازنەی داخراوی مەسەلی کورد لە چوارچیوەی ئەقلیم و وولاتدا ، داگیرکەران وا رابەرانیانی کوردیان چاوترسە کردووە کە مافی سەربەخۆی دەبی بۆ چارەنووسی نادیار حەوالە بکەن..

ناکۆکیەکانی دەروونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان

کوشندەترین نەخۆشی کۆمەلگای کوردەواری و مرۆڤی کورد کە ئەمەش بەرەنجامی داگیرکردنە مرۆڤەکان هەردەم بریاری کەسانی دەرەوەی میللەتی خۆیان قەبوولە تا رابەرانی دەروونی گەلی خۆیان...بە کورتی هەر ئاغای بێگانەیان پێ قەبوولە لە ئاغای خۆیان.

ئەمە دەردیکە میللەتی کورد وا بەئاسانی شفای بۆ نایێ ، چۆن دەردی خیانەتکردنی هەندی لە کەسانیان..ئەمە بۆ چوونیکی شەقامیە لە کوردستان!!!.

سەرەتا ناکۆکیەکانی خێل و عەشیرەتی و تیرە و هۆزەکان بوون، دوای بوونە کێشەی دەروون حزبی و بیری سیاسی..

ئەگەر لە میژووی هاوچەرخ دا ئەم وەزعانە شیتەل بکەین. جیاوازیەکان هیچیان بەرنامەیی و ئایدیۆلۆژیای و ستراتیژی نین و نەبوون یان چینایەتی هەر نەبوون.بگرە هەموویان شەخسی و بۆ چوونی جیای رابەرەکان بوون.

هینانی هیزی داگیرکەران بۆ کوردستانی بە مەبەستی سەرکوتی نەیرانیان و داردەستی بۆ دوژمنانی میللەتی کورد بۆ سەرکوتی یەکتری بووە پێشەی رابەرانی ناسیونالیستی کورد. لە دوایین ناکۆکیدا لە کوردستانی عیراقدا

ناکۆکیەکان کوردستانی ئازادی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیونەتەوەیی کە کوردستان نە وولات بوو وە نە سەر بە عیراق بوو کردە شمال عراق ئەمە لە مێژووی هاوچەرخ دا گەورەترین گورزی کوشندەبوو لە تەختی ئازادی ناسیونالیستی کوردیدا..
وولاتانی ئەقلیم بە کورتی نەوەی داگیرکەران و داگیرکەرانی سەردەم بە جۆریکی تر ئەم ناکۆکیانەیان قوولٚ دەکردەوەو هەردەم لە موءامەرەدابوون و دەبن دژی میللەتی کورد..بۆ رابەرانی میللەتی کوردیش رۆشەن بووە و ڕۆشنە بەلام وا خەلتانی ناکۆکیەکانی خۆیان بوونە دوژمنە سەرەکیەکانی خۆیان لێ بووەتە دۆست و میللەتی خۆیان دوژمنی سەرسەختیان بووە، تەنانەت هاوکاری ئاسایش و ئەمنیان لەگەل دوژمنان کردووە و دەکرد لەگەل یەکتریان نەدەکرد.
ناکۆکیەکان هەر ماون و هەر دەمێنن..لە نیو هەموو گەلانی دونیاش هەیە و سروشتیە..بەلام هەموو گەلانی دونیا قازانجی بەرزی نەتەوەیی لەسەرووی هەموو ناکۆکیەکان دادەنین..هەموویان ئەو کات لە بەرامبەر دوژمنانیان یەک ریزن..چۆن لە وولاتانی دراوسێ ی کوردستاندا ئەم واقعیەتە هەیە.بەلام رابەرانی کورد قازانجی بەرزەی خۆیان و پارتە سیاسیەکەیان دەبینن لە جیاتی گەلی کوردستان. چەپ لە کوردستان هەر قازانجی بەرزی نەتەوەیی ناوچەی کوردستانی لە دەزگای فکری خۆی هەر هەلپێچاوەتەوە...بەداخەوە لەلای ئەوان هەر مانایەکی نیە.

وەزعی ئەقلیمی و ئەنتەرناسیونال دەرهەق بە مەسەلەی کورد

کێشەکانی نیوان گەلانی رۆژهەلات زۆرجار هەر کێشە مەزهەبیەکان تەقاندوویەتەوە.
هەر لە شەری چالدیرانەوەو پێشتریش گەشەی ئیمپراتۆریەتەکانی ناوچەکە هەر لە هاتنی داگیرکەرانی ئیسلامی تا دەولەتی سەفەوی و عوسمانیەکان.. لە میژووی هاوچەرخدا دوای دروست بوونی بیری ناسیونالیستی فاشیزمی تورکی و عەرەبی و فارسی، مەسەلەکان بە شیوەی نەتەوەیی زەق بووەوە، لە ناوبردن و گینۆسایتی گەلی ئەرمەن لە تورکیا یەکەم هەنگاوی سەرکوت و چەوسانەوەو ئینکاری وجودی نەتەوەیە ژێردەستەکان بوون لە ژێر بیری ناسیونالیستی، بزوتنەوەکانی گەلی کورد تووشی هەمان سەرکوت و کوشتن و تۆقاندن بوونەوە...
هەموو پەیمانەکانی دەولەتە کۆلۆنیالیستەکان تەنها بۆ فریو دانی گەلی کورد بوون.. سەرکردە کوردەکان لە هەموو کاتیکدا کەم و زۆر دەرکیان بەم وەزعانە کردووە بەلام بێ توانای تیوری و کەم دەرامەتی و کالٚی بنەما ئابووریەکان و وابەستەی وای لیکردوون هەمیشە دەستەوەستان بن..
زۆرکات هەولیان داوە دژی کوتلە و بلۆکی جیاجیا بن بەلام کاتەکانیان مناسب و دیاریکردنەکانیان ناوەخت بووە، بۆیە هەمیشە هەر پشت ئەستوور بە دوژمنانیان لەگەل دوژمنێکی تر جەنگاون، ئەمە جۆرێک لە هێزی کاتی پێبەخشیون بەلام دوای هەر دوژمنانیان یەکیان گرتووە..
دواکەوتووی ئابووری و فەرهەنگی کوشندەترین نەخۆشی کۆمەلگای کوردەوارییە لە هەمان کاتدا ئایین رۆلێکی نێگەتیڤی گێراوە لە ژیانی میللەتی کورددا، گرنگرتینیان لە دەستدان فرسەتەکان کە بۆ شێخ مەحمود هەلکەوت، لە دەستدانیان هۆکارییان دەسکەوتی ئایین بوون..لە سەردەمی هاوجەرخدا بیری چەپ تاررادەیەک خزمەتی بە کۆمەلگای کوردستان کردووە دەیان رابەرو سەرکردەی چەپی لێ هەلکەوتووە بەلام هەموویان زیاتر هەولەکانیان لە ئاستی عیراق دا چڕ کردۆتەوەو هەردەم بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردیان بە ئەرک و کاری رابەرانی ناسیونالیستی کورد سپاردووە.بزوتنەوەی چەپ لە کوردستان لە نێو ئەقشاریکی رۆشەنبیریدا زیاتر تینەپەریووەو هەر بۆیەش نەیتوانیووە ئەم رۆلە مێژوویە بگریتە ئەستۆ یانی رابەری

سەرکردایەتی سیاسی لە کوردستان و هەول وکۆششی بزوتنەوەی شورای لە کوردستان نەیتوانی ئەلتەرناتیڤی بەردەوام بێت و تەمەنی کورت بوو لە مێژووی سیاسی کوردستاندا( لە دوای جەنگی کەنداوی دووەم دا) .لە سەردەمەکانی ئالووگۆرەکانی میژوودا لە دونیا چەند وەرچەرخانێکی بەرچاو لە ژیانی کۆمەلگای کوردستان دەکرا سوودی لێ وەربگیرێ بەلام سەرکردایەتی سیاسی کورد لەم ئاستەدا نەبوون، لە جەنگی دووەمی کەنداو و دا لە دوای شکستی بلۆکی رۆژهەلاتی بەناو کۆمونیست گەلی کورد چاکترین فرسەتی زیرینی دەستکەوت بەلام میللەتی کورد ئامادەیی هەزمی ئەم دەورانەی نەبوو، دوای کشانەوەی ئەمریکا و دەست ئاوالاکردنی سوپای عیراق بۆ سەرکوتی گەلانی عیراق.مقاوەمەتی گەلی کورد بەردەوام بوو ، دووبارە مفاوەزات دەستی پێکرد...دواتر شەڕەکانی یەک لەدوای یەکی ئەمریکا دژی رژێمی عیراق ئەم ئالووگۆرە مەیدانێکی زۆر باشی ئاوەلاکرد بۆ رزگاری کوردستان و دامەزراندنی دەولەتی نەتەوەی بەلام رابەرانی کورد زۆر بە حەزەرەوە مامەلەیان لەگەل رەوتی رووداوەکان کرد..ئەمەش جۆرێک لە کات بەفیرۆ دان و جۆرێ لە کێشە دەروونیەکان ڕێگەیان لە بەردەم هەولەکان تەنگ کردەوە، هەموو وولاتانی دەوروبەرو عەرەبی و ئیسلامی تا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی هیچ کامیان لەگەل دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆ نین و نەبوون لە کوردستان..چونکە گرفتی زۆر بۆ ناوچەکە دروست دەکات..ئەمەش بۆ هەمووان ڕۆشنە ئەگەر وابێ دەبووا هەموو گەلانی رزگار لە داگیرکەران داوای مۆلەتیان بکردایە، ئینجا بانگەشەی دەولەتیان دەکرد..ئەی ئیرادەی گەلان چیە..ئەگەر گەلی کورد ئیرادەی رزگاری هەبێ بۆ دەبێ رابەرانی ئەم ئیرادەیە قوربانی وەزعی دەولی بکەن...زۆر دەنگی سیاسی لە کوردستان بەرز بۆوە بۆ رفراندۆم یان کۆبوونەوەی گشتی و گەرانەوە بۆ رای گشتی گەل لە مەسەلە چارەنووس سازەکاندا ، بەلام ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد خۆی پشتیوانی نەکات ، ئەوا ئەمریکا و تورکیا یان هەر وولاتیکی تر ئیعترافی پێدەکات ؟ بۆ دەبێ خەلکی لە هۆلەندا و لکسمبۆرگ دەنگ بۆ دەستووری ئەوروپا بدەن لە کوردستان قەدەغەیە.سەرۆک وەزیرانی هۆلەندا لە کاتی شکستی لە رفراندۆم بۆ دەستووری ئەوروپا ووتی جێی داخە نەمانتوانی قەناعەت بە گەل بهێنین بلین بەلێ بۆ دەستوور بەلام ئیمە رێز لە ئەنجامەکەی دەگرین .لە بەرامبەر بە تەرحی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ جاریکی تر رفراندۆم لە هۆلەنددا ئەنجام بدری هەمان ووشەی دووبارە کردەوەو رەفزی تەرحەکەی کردەوە، چونکە دەیزانی بێهوودە بوو.ئیستا خەلک دەیەوی لە کوردستان دەولەت دروست بێ بەلام رابەرانی کورد ناتوانن بانگەوازی بکەن چونکە بە باوەری ئەوان کاتی بۆ پێنەگەیشتووە. رەنگە واش بێ.رابەرانی کورد تووشی دوولایەنە بوونە لەگەل خودی مەسەلەکان لە نێو ریزەکانی خۆیان و بۆ گەلی کوردستان  بانگەوازی حکومەت و دەولەتی ئایندە دەکەن لە پەرلەمانی عیراقی داوای دەستوور تەوافق دەکەن ..ئەم دوولایەنیە هەر دەتەقێتەوە ..خەلکی کوردستان دەیانەوێ ئازاد بن وەکو هەر گەلیکی تری دونیا دەبا رابەرانی کورد بگەرێنەوە بۆ رای گشتی کۆمەلانی خەلک ، با خەلکی کوردستان بریاری خۆی بدا..

ئەگەری هیرشی تورکیا و ئێران لەبەر مەوقعیەتی ئەمریکا کەمە ..ئەمریکا دەیەوێ بە سادەیی هەم کەرەستەی خاوی وولاتی دەست کەوێ هەم ناوچەکە بە ناو دیموکراسە بکات..خۆ رابەرانی کورد یەکە هاوپەیمانی ئەمریکان لە ناوچەکەدا..یان ئەم زەمانەتە ئەمریکایان نیە و خۆیان لە خەلکی کوردستان کەڕ کردووە..هەر چۆنێ بێ ئیرادەی گەل لە هەموو وەعدەو وەعیدی بەهیزترە میژوو لە زۆر وولاتاندا نیشانی داوە..با گەلی کوردیش ئیرادە بکات..ئەگەر  ئامادەیی ئەمەی هەیە لە باری سیاسی ، ئابووری ، سەربازی..

بۆ ئەم بریارەی گەلی کوردستان دەبی هەموو ئەگەرە سیاسی و سەربازی و ئابووریەکان لێک بدرێتەوە، ئەگەر وەزعەکان لەبار نەبوون ئەوا دەبی رابەرانی سیاسی هەموویان بۆ کۆمەلگای کوردستان بەیان بکەن. بە ئامارو ئەرقام..ئەوکاتیش دەبێ کات فەراهەم بێ بۆ خەلکی کوردستان بریاری خۆی دەدات..(نەک لە هۆلێ موءتەمەرات لە بەغدا...)
دەبێ بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد شتێ رۆشەن بێ مێژوو و گەل لە هەموو هەنگاوێکیان چاودێریان دەکات..چارەنووسی گەل لێپرسرویەتیکی میژوویە ..سەرکردایەتی سیاسی کورد دەتوانێ ئەم مێژووە بە پاکی بنوسێتەوە، ئەگینا پرۆسەی دیموکراتی لە رۆژگارێکا لەسەر هەلوێستەکانیان تووشی پرسیارو وەلامیان دەکات لە هۆلەکانی دادگادا..ئەوکات بۆ مەسەلە چارەنووسەکان قورس دەکەوێتەوە...

پرسیارێ بۆ مێژوو
لیرە پرسیاریکی سەرەکی سەرهەلدەدا و خوینەران دەتوانن لە لای خۆیان بیری لی بکەنەوە.

- ئایا هەلومەرجی کوردستان دوای رووخانی رژیمی بەعسی فاشی پیویستی بەوەدەکرد یان دەکات گەلی کوردستان جاریکی تر تووشی گەرداوی شۆفینیزمی عەرەبی و مەزهەبی شیعی و سوونی بکرابایەتەوەو بکریتەوە؟.

چەندان پرسیاری لەم چەشنانە دەبوا راپرسی خەلکی کوردستان بکرا با بۆ چوونە نیو ئەم گەرداوە. ئەو کات مەسەلەکان لە ئاستی تردا دەبوون...
ئایندەی گەلی کوردستان ڕوونە بۆ دامەزراندنی کۆمەلگایەکی مۆدیرن ، هەموو هەولمان بۆ گەشەی ئەم کۆمەلگایەیە،تا ببێتە کۆمەلگایەکی شارستانی، مرۆڤەکانی شایستەی ئەو ژیانەن وەک هەر کۆمەگایەکی تر...

ئاسۆ حامدی ئابی 2005